UNIVERSITY of KURDISTAN

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**زانکۆی ڕاپەڕین**

**لیژنەی باڵای کۆنفڕانس**

# چوارەمین کۆنفڕانسی نێودەوڵەتیی زانکۆی ڕاپەڕین

بە ناونیشانی

## زمان و ئەدەبیاتی کوردی و فارسی لە ئاوێنەی هزر و کەلتوری ئاریدا

**(٢٤— ٢٦) نیسانی ٢٠١٨**

**لیژنەی باڵای کۆنفڕانس**

## لایەنی جێبەجێکار و بەشدار

ئەم کۆنفرانسە بە هاوبەشی لە لایەن زانکۆی ڕاپەڕین و زانکۆی کوردستان – سنەوە سازدەکرێت، بە جۆرێک سەرجەم تێچووە داراییەکان و لایەنە کارگێڕییەکانی دەکەوێتە ئەستۆی زانکۆی ڕاپەڕین.

## ناونیشانی کۆنفرانس

## زمان و ئەدەبیاتی کوردی و فارسی لە ئاوێنەی هزر و کەلتوری ئاریدا

## تەوەرەکانی کۆنفرانس

**کۆنفرانسەکە ئەم تەوەرانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:**

**ـ زمان**

✍ ڕەنگدانەوەی بیر و فەلسەفە لە زماندا
✍ وەرگێڕان لە نێوان توانست و چالاکی زمانیدا
✍ مێژوو و بنەماکانی فەرهەنگنووسی لە زمانی کوردی و فارسیدا
✍ کاریگەری و هۆکارەکانی تێکەوڵابوونی زمانە ئارییەکان

**ـ ئەدەبیات**

✍ ڕەهەندە ئایینی و مەزهەبییەکان لە ئەدەبیاتی کوردی و فارسیدا
✍ ڕۆڵی جیهانگیری و تەکنەلۆژیا لە گەشەپێدانی ئەدەبیاتدا
✍ ڕەخنەی ئەدەبی لە دەروازەی تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەدا
✍ بنەمای کاریگەری و کاریگەربوون لە نێوان ئەدەبیاتی کوردی و فارسیدا

## کات و شوێنی ئەنجامدانی کۆنفرانس

ئەم کۆنفرانسە ماوەی (٣) ڕۆژ دەخانەیەنێت و دەکەوێتە ڕۆژانی (سێشەممە ٢٠١٨/٠٤/٢٤ تاوەکو پێنجشەممە ٢٠١٨/٠٤/٢٦)، شوێنی ئەنجامدانی کۆنفرانسەکەش باڵاخانەی (کۆلێژی پەروەردە ـ قەڵادزێ) دەبێت.

## شوێنی مانەوە و خواردن

زانكۆمان باڵەخانەی (میوانخانە) و بەشە ناوخۆییەكانی كەمپەسی (قەڵادزێ) بۆ حەوانەوەی توێژەرانی كۆنفرانس تەرخاندەكات، لەگەڵ دابینكردنی ژەمە خواردنی پێویست.

## مەرجەكانی توێژینەوە

**هەر توێژینەوەیەک كە بۆ كۆنفرانس دەنێردرێت، پێویستە ڕەچاوی ئەم مەرج و ڕێنماییانەی تێدا بكرێت:**

١. زمانی نووسینی توێژینەوەكە كوردی یان فارسی بێت.

٢. توێژەر خاوەن پلە و نازناوی زانستی بێت و لە یەكێك لە دامەزراوە حكومییەكان یا ئەهلییەكانی تایبەت بە خوێندن و پەروەردە یا توێژینەوە كاربكات، یاخود توێژەرێكی خاوەن بەرهەم و توێژینەوەی زانستی بێت.

٣. پێویستە توێژەر لە ڕۆژانی كۆنفرانسدا ئامادەبێت [لە كاتی ئامادەنەبووندا، پێویستە ڕوونكردنەوە لەبارەی هۆكارەكەیەوە بە لیژنەی باڵای كۆنفرانس بدات].

٤. توێژینەوەكان لە بارەی ئەو تەوەرانەوە بن، كە لە كۆنفرانسدا دیاریكراون.

٥. پێویستە توێژینەوەكە پوختەی بە دوو زمانی دیكە لەگەڵ بێت، لەبەرئەوەی وەک توێژینەوەیەكی زانستی لە گۆڤاری زانكۆمان بڵاودەكرێتەوە.

٦. توێژینەوەكە یا بەشێكی لە هیچ شوێنێك بڵاونەكرابێتەوە و، لە هیچ كۆنفرانسێكی دیكەدا پێشكەش نەكرابێت.

٧. دەبێت توێژینەوەكان سەرجەم مەرج و پێویستییەكانی توێژینەوەی زانستییان تێدابێت.

٨. سەرجەم ناونیشان و توێژینەوەكان بە هەڵسەنگاندنی زانستی پاڵاوتە دەكرێن، واتە مەرج نییە هەر بابەتێك نێردرا بەشداربێت لە كۆنفرانسەكە.

٩. ژمارەی پەڕەكانی توێژینەوە لە (٣٠) لاپەڕە زیاتر نەبێت.

١٠. مەرج و تایبەتمەندیی نووسینی توێژینەوەكان بە كۆمپیوتەر بەم شێوەیە بێت:

- بەكارهێنانی فۆنتی یونیكورد و لاپەڕەی (A4).
- جێهێشتنی (٢,٥سم) لە هەر چوار لای پەڕەكە.
- ناوی توێژەر و نازناوی زانستی و شوێنی كاركردنی ڕاستەوخۆ لە دوای ناونیشانەكەوە دەنووسرێن.
- پابەندبوون بە فۆنتی نووسینەكانیشەوە بەم شێوەیە بێت:
  - ✍ فۆنتی (Unikurd Hemen) بە قەبارەی (١٦) بۆ ناونیشانی سەرەكی توێژینەوەكە.
  - ✍ فۆنتی (Unikurd Jino) بە قەبارەی (١٤) بۆ ناونیشانە لاوەكییەكان.
  - ✍ فۆنتی (Unikurd Goran)یش بە قەبارەی (١٤) بۆ نووسینی بابەتەكانی توێژینەوەكە.

١١. سیستەمی پێڕەوكراو بۆ دانانی پەڕاوێز (هارڤەرد) بێت و لیستی سەرچاوەكانیش بە گوێرەی ڕیزبەندیی ئەلفبێی ناوی نووسەرەكانیان لە كۆتایی توێژینەوەكەدا تۆماربكرێت.

١٢. هەر توێژینەوەیەک ڕەوانەی كۆنفرانس بكرێت و ڕەزامەندیی لەسەر نەدرێت، بە هەر هۆیەک بێت بۆ خاوەنەكەی ناگێڕدرێتەوە.

## کاتە دیاریکراوەکانی کۆنفرانس

ڕۆژی (٢٠١٨/٠٣/٢٥) دواکاتی ناردنی توێژینەوەکان دەبێت.
ڕۆژی (٢٠١٨/٠٤/١٠) ڕاگەیاندنی توێژینەوە پەسەندکراوەکان دەبێت.

لە کاتی بوونی گیروگرفتدا یا بۆ وەرگرتنی زانینی پێویست و زیادە لە بارەی کۆنفرانسەوە پێوەندی بکرێت بەئیمەیلی کۆنفرانسەوە :

Conference@uor.edu.krd

تێبینی: توێژینەوەکان پێویستە بەشێوەی ئۆنلاین (ئەلیکترۆنی) لە ڕێگەی ویبسایتی تایبەت بەکۆنفرانسەوە بنێردرێن، کە لەچەند ڕۆژی داهاتوودا کارا دەبێت.

## پرۆسە و چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکان

**سەرجەم توێژنەوەکانی کۆنفرانس بە هەڵسەنگاندنی زانستیدا تێپەردەبن، بەم شێوەیە:**

١. ئەنجامی هەڵسەنگاندنی هەر توێژینەوەیەک دوو لە سێ دەبێت، واتە هەر توێژینەوەیەک سەرەتا ئاراستەی دوو هەڵسەنگێنەر دەکرێت، ئەگەر وەڵامی هەردووکیان ئەرێنی بوو ئەوا وەردەگیرێت، لەو کاتانەی وەڵامی یەکێکیان ئەرێنی و ئەوی دیکەیان نەرێنی بوو بە زووترین کات ئاراستەی هەڵسەنگێنەری سێیەم دەکرێت بۆ یەکلاکردنەوە و بڕیاردانی کۆتایی.
٢. ئەو توێژینەوانەی کە توێژەرەکانیان یاخود یەکێک لە توێژەرەکانی هەڵگری نازناوی (پرۆفیسۆر)ن، تەنیا بۆ یەک هەڵسەنگێنەر دەنێردرێن، ئەگەر وەڵامەکەی نەرێنی بوو بۆ هەلسەنگێنەری دووەم دەنێردرێت، بە مەبەستی بڕیاردانی کۆتایی.
٣. لیژنەی زانستی تاوەکو بۆی بگونجێت بۆ پرۆسەی هەڵسەنگاندن سوود لە پسپۆڕی ورد و شوێنە جیاوازەکان وەردەگرێت.
٤. پرۆسەی هەڵسەنگاندنەکە لەسەر فۆرمی تایبەتی دەبێت، کە تایبەت بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکراوە.

## بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان

گۆڤاری زانکۆمان ئەرکی بڵاوکردنەوەی سەرجەم ئەو توێژینەوانەی دەکەوێتە ئەستۆ، کە لە ڕۆژانی کۆنفرانسدا پێشکەش دەکرێن، واتە مەرجی بڵاوکردنەوەکە ئامادەبوونی توێژەرەکە و خوێندنەوەی دەبێت، نەک تەنیا ڕەزامەندیی بەشداربوون لە کۆنفرانس.

پێویستە لەسەر توێژەری بەشداربوو لە ماوەی کەمتر لە یەک مانگ دوای تەواوبوونی کۆنفرانسەکە، جارێکی دیکە توێژینەوەکە بۆ لیژنەی باڵای کۆنفرانس بنێرێتەوە، لە کاتی نەگەڕاندنەوە و چاکنەکردنی تێبینییەکان لە لایەن توێژەرەوە بۆی بڵاوناکرێتەوە و بەرپرسیاریەتییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.